ئاڤێستا Avêsta

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی خوێندەڤانانی
نەتەوەیی کوردستان

سەرنووسەر
هێمن صابر

ئاڤێستا لە ئینتەرنێتەوە
www.yndk.com

پۆستی ئەلکترۆنی
rojname@yahoo.com avesta

ناونیشان:
باشووری کوردستان - هەولێر
شەقامی ٦٠ مەتری نزیک
سەنتەری خاتووزین
تەلەفۆن: ٢٢٢٣٦٧٥


# دەبێ سانسۆرێك هەبێ لەسەر هونەری بازاڕی و ئەو هونەرەی كە خەڵك داوای دەكات

**ئاسمانی هونەری کوردی زۆرێک لە ئەستێرەی هونەری نوێی تیادا دەرکەوت کەلە دەستتپێکدا دوارۆژێکی گەشیان لێ چاوەڕێ دەکرێت تا خزمەت بەهونەری کوردی بکەن (سروود حاتم) یەکێکە لەو ئەستێرانەی کەلەساڵی ١٩٨٤ لە هەولێری قەڵاو منارە چاوی بە دونیا هەڵهێناوەو لەساڵی ١٩٩٩ یەکەم کاری هونەری ئەنجام داوە، ئێستا خاوەنی دوو کلیپەو سیدی نوێی بەناوی (بێ تۆ ناژیم) بڵاوکردۆتەوە بۆیە ئاڤێستا بە پێویستی زانی لە نزیکەوە چەند پرسیارەکی ئاراستە بکات.**



*** ئەو گەنجانەی تازە دێنە نێو دونیای هونەر و لە شاشەی تی ڤی و رادیۆکان دەبیندرێن و دەبیسترێن خەڵک چۆن پێشوازیان لێ دەکات لە دەرەوە؟**

ـ بەهۆی بێ سانسۆری لە گۆرانی ووتن، وای لێهاتووە بەرهەمەکان زۆر بووە بۆیە ئاڵۆز یەک بەدی دەکرێت لە لێک جیاکردنەوەی گۆرانی بازاڕی و گۆرانی چاک، هونەرمەندە گەنجەکان ناتوانن خۆیان بسەلمێنن بەهۆی زۆری بەرهەمەکان.

*** گۆرانیبێژ زۆر کاریگەری بەسەریەوە دەبێت و وای لێدەکات ببێ بە گۆرانی بێژ تۆ چی وای لێکردووی؟**

ـ نیشتمان شتێکە لە نێو دڵی هەموو هونەرمەندێک دا هەیەو پێم وایە دەبێ سەرەتا بەعەشقەوە بچینە نێو هەموو کارێک، بەڵام ئەوەی کاریگەری زۆری بەسەرمەوەیە خۆشەویستییە کە ناتوانم دەستبەرداری بم و هەر بەخۆشەویستییەوە ژیانم دەگوزەرێنم.

*** ئەم سیدیەت کە بڵاوتکردۆتەوە هۆکاری ناوەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ـ سیدیە نوێیەکەم بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە کەوتە بەردەستی خەڵک بە ناوی (بێ تۆ ناژیم) ئەم ناوەش هۆکارەکەی رەنگ دانەوەی تەواوی ژیانی خۆمە.

*** ئەو کاتەی لەسەرشاشەی تی ڤی بەدەردەکەوی چ هەستێکت لا دروست دەبێ؟**

ـ وا ئەزانم تازە هاتوومە ژیان، لەسەرەتای هەنگاوی ژیانم بۆ ئەو رێگا دوورەیە کە پایتەختەکەی هونەرە.

*** بیرت لەسەفەری دەرەوە نەکردۆتەوە بۆ کلیپ کردنی گۆرانیەکانت؟**

ـ من بەش بەحاڵی خۆم بیرم لێ نەکردۆتەوە لەبەر ئەوەی ئەو سروشتە جوانەی کوردستان هەیەتی پێم وایە لە هیچ شوێنێک نییە.

*** تۆ کوڕێکی گەنجی تازە دەستت کردووە بەکاری هونەری ئەگەر کچێک پێت بلێ دەنگت ناخۆشە واز لە گۆرانی بێنە تۆ وەڵامت چی دەبێ؟**

ـ کەمێک راوەستاو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە، دەڵێم هەوڵ دەدەم باش بم و وای لێبکەم کە من هەمەو دەتوانم زۆر کاری جوان بە ئەنجام بگەیەنم.

## خوێندن لە پێناو فێربوون یا دەرچوون؟

**دیار عزیز**

زانکۆ وەکو بالاترین دامەزراوەی ئەکادیمی و هەستیاری وولات کێش و بەهای خۆی هەیە لە بەرەو پێش بردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگاو دانیشتوان بەگشتی لە رووی ئەفراندن و پێشکەشکردنی کادرو پسپۆڕ بە کۆمەڵگا لەسەرجەم بوارەکان، گومانیشی تێدانیە زانکۆ بەسەرجەم بەشە مادی و مرۆییەکانیەوە لە پێناو یەک توێژی گرنگ دامەزراون و کاردەکەن ئەویش توێژی خوێندەڤانانە، بۆیە دەتوانین بڵێین خوێندەڤان و ئاستە زانستییەکەی وەکو ستاندەرو پێوەر وایە کە رادەی پێشکەوتن یان بە پێچەوانەی ئەمە دیاردەکەون.

لێرەدا ئەگەر سەیری واقعی زانکۆکانی کوردستان بەگشتی بکەین دەبینین بەداخەوە بەدەست دابەزینی ئاستی زانستی یەوە دەناڵێنین کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەیەک هۆکار یەکێ لە هۆکارەکان، خۆی دەنوێنێ لە خوێندن لە پێناو دەرچوون و وەرگرتنی بڕوانامە بێ گوێدانە فێربوونی گرنگی ئەو زانستەی کە دەخوێنرێ بێگومان ئەم کێشەیە لە ژمارەیەک هۆکاری تر سەرچاوەی گرتووە لەوانە نەگونجانی بەهرەی خوێندەڤان لەگەڵ ئەو کۆلیژەی کە لێیەوە وەردەگیرێ کە ئەمەش دەگەڕێتەوە و بەندە لەسەر ئەو نمرەی کە خوێندەڤان بەدەستی بێنێ لە کاتی دەرچوونی لە پۆلی شەش کە ئەمەش وادەکات خوێندەڤان بە گوێرەی نمرەکەی نەوەکو بەهرەی لە کۆلیژەێکی دیاریکراو وەربگیرێ دەرەنجام دەبێتە هۆی کوشتنی تواناو وزەی خوێندەڤانان و خەونەکانی لە گۆڕ دەنرێ، یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتییە لەو ترس و تۆقینەی کە خوێندەڤان هەیەتی بەرامبەر تاقیکردنەوەکان کەوادەکا خوێندەڤان تەنها بیر لە دەرچوون بکاتەوە جا لەبەرکردن یان هەر رێگەیەکی تر بکاتە وەسیلە بۆ دەرچوون بە هەمان شێوە وەرگرتنی وانەکان بەرادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی تیۆری و پشت گوێ خستنی لایەنی پراکتیکی هۆکارێکە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ، لە دیار ترین هۆکارەکان خەریکە ئەمرۆ دەبێتە ئەمری واقع ئەمیش دامەزراندنە لە دامودەزگا حکومەیەکان لەسەر بنەمای بڕوانامە دوور لە پسپۆڕیەکەی بۆ نمونە خوێندەڤانی وا هەیە دەرچووی بەشی فیزیای کۆلێژی زانستە لە یەکێک لە بانکەکان دامەزراوە چونکە هەمان مووچە وەردەگرێت ئامادە نییە لە شوێنێکی دوور خزمەت بکات کە ئەمەش وادەکات بگەڕێتەوە سەر خاڵی سفر، ئەمانەو چەند هۆکارێکی تریش کە بوارنیە لێرەدا هەموویان باس بکەین، بۆیە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان بە تایبەتی وەزارەتی خوێندنی بالا پێویستە هەوڵەکانی زیاتر چڕ بکاتەوە، بیرێکی جددی لەم کێشانە بکاتەوەو چارەسەری پێویستیان بۆ دابنێ.

## نیگاری سیحراوی تۆ

**تەنیا نامۆ**

به تەماشایێ ئەو دڵەت لێ بردم
دوو چاری عەشق و ئەوینت کردم

پێم بڵێ تۆ گیانە بۆ ئاوات لێ کردم
بە سۆزی چاوت ئەسیرت کردم

دوای چاوی تۆ چۆن سەیری چاوی تر بکەم
دوای ماچی لێوی تۆ چۆن لێوی تر ماچ بکەم

دوای تۆ کێ چاربێ بۆ دڵی بریندارم
دوای تۆ کێ ببێ بە گوڵی سووری بەهارم

جگە لە تۆ، لە بالآی تۆ
لە ئاست کەسی تر هەڵنایێ چاوەکانم

ئەی ئەستێرە گەشی ئاسمانم
بە نیگاری سیحراویت چۆن جەرگ و هەناوت
سووتاندم...

## پەرتوكێكی خوێندنگا هەرای لە ناو پەرلەمانی تایوان نایەوە

ئەندامێکی پەرلەمانی تایوان داوای لە وەزیری پەروەردەی تایوان کرد کتێبێک لە خوێندنگاکان بکێشێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکێکی پیسی هەیە ئەو ئەندامەی پەرلەمانی تایوانی کە ناوی (لی چینگە) چەند پەرەگرافێکی لە کتێبەکە کە بەناوی (شارەزا لە هەرزەکاریدا) لەناو پەرلەمان، لەبەردەم وەزیری پەروەردە خوێندەوەو بە (پیس) وەسفیکردو چەند پرسیارێکی هەراسانکەری لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە لە وەزیری پەروەردەکرد، وەزیریش کە رەنگی سور هەڵگەڕابوو لە شەرمەزاری، بەڵێنیدا لیژنەیەک لە چەند شارەزایەک بۆ پیاچوونەوەی کتێبەکە دروست بکات.

## گەنجێک خۆی کردە قوربانی پێڵاوی خۆشەویستەکەی



لە باکووری ئینگلترا گەنجێک خۆی دەخاتە نێو رووباری ئۆس بۆ دەرهێنانی پێڵاوی کچە هاوڕێ و خۆشەویستەکەی و دەخنکێت، دوای گەڕانێکی زۆر لە لایەن پۆلیس و مەلەوانانی شارەکە توانیان لاشەی گەنجەکە دەربهێنن، بە پێی قسەی بەرپرسێکی فریاکەوتنی شارەکە، خواردنەوەی بڕێکی زۆر مەی دەورێکی سەرەکی هەبووە لە گیان لە دەستدانی ئەم لاوە ٢١ ساڵیە، چونکە لە هۆش خۆی نەمابوو توانای ئەوەی نەبوو بتوانێت خۆی رزگار بکات و لە ئاوەکە بێتە دەرەوە.

**ئا: ئاڤێستا**

## جیهان پێویستی بە زیاتر لە هەژدە ملیۆن مامۆستای نوێ هەیە

بە پێی ئامارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان تیمێک دەکاتە سەرپەرشتی خوێندن، سەرۆکی مامۆستایان لە راپۆرتەکەدا ئاشکرای کردووە جیهان پێویستی بە زیاتر لە هەژدە ملیۆن مامۆستای نوێ هەیە لە ماوەی نۆ ساڵی داهاتوودا لە پێناو دابین کردن و فێرکردنێکی بنەڕەتی بۆ منالان لە سەرتاسەری جیهاندا، لەراپۆرتەکەدا هاتووە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان زیاتر پێویستیان بە مامۆستا هەیەو کەمترین تواناشین هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانە ئەویش بە هۆی کەمی پارەو کادری پسپۆڕەوە .

**ئا: ئاڤێستا**

### کاوڕ

رووبەڕووی کێشەیەک دەبیەوە، بەڵام دەبێت بە وریاییەوە خۆت لە دەمەقاڵی توند بە دوور بگریت، کەمێک ناخۆشی دەبینیت بەڵام لایەنی سۆزداریت باش دەبێت.

### قرژاڵ

ئیمرۆ زۆر پەلە مەکە لە بڕیاردان، چونکە لەوانەیە هەندێک بیروبۆچوونت تێکەڵاوی یەکتر بن و تووشی دڵەڕاوکێت بکەن، کارە گرنگەکان بخەرە سێ شەممە.

### شایان

بەخت یاوەریت دەکات و دڵشاد دەبیت، بەتایبەتی لە بواری سۆزدارییەوە چونکە ئیمرۆ رۆژێکی پرشنگدارە لەم بوارەدا، ناخۆشییەکان وەک سیحر لە خۆڕا بەرەو کەمبوون دەچن.

### گیسک

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەرەو باشبوون دەچێت، هەروەها هەست بە سۆزێکی بێ وێنە دەکەیت کە لە دەروونتدا پەنگ دەخواتەوە، بەوردی و زیرەکی دەریان ببڕە.

### گا

ئیمرۆ کەمێک دڵەڕاوکێت پێوە دیار دەبێت بەهۆی بیرکردنەوەی بەردەوامت لەو گۆڕانکارییانەی کە بەم دواییە لە ژیانتدا روویانداوە، کەمێک ئارام بە.

### شێر

زۆر بەخۆت مەنازەو خەیاڵاوی مەبە، ئاگاداری کەسانی دەوربەرتبە ،کەمێک بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەتا نەکەویتە تەڵەی هەندێک کەسی بێ ویژدان.

### دووپشک

رەنگە هەنگاوەکانت کۆسپی بێتە سەر رێ، یان بەرەو رووی فشارێکی زۆر دەبیتەوە، ئاگاداری فرت و فێڵ بە لە ماوەیەدا چونکە کەسانێک دەیانەوێ زیانت پێ بگەیەنن.

### گۆزە

رەنگە لە بواری دارایی ئیش و کارەوە بەرەو رووی کێشەیەک ببیتەوە، پێویستە لەسەرت بە زیرەکی کێشەکان یەکلا بکەیتەوە، بەبێ ئەوەی خۆت پەرێشان بکەیت.

### جمک

لەوانەیە بیر لە گەشتێک بکەیتەوە یاخود پەیوەندی بە کەسێکی دەرەوەی وڵات دەکەیت، لایەنی کاروبارت گەشەیەکی باش دەکات ئەگەر هەوڵێکی باشی بۆ بدەیت.

### گوڵەگەنم

رەنگە هەندێک رووداو پاشەکشەت پێبکەن بۆ دواوە، بەمەش بیر لە رابردوو دەکەیتەوە، کە پێتوایە پیوەندی بە ئێستاوە هەیە، ئاگاداربە ورە بەرنەدەیت.

### کەوان

کەمێک زانیاریت بەدەست دەگات کە دەبێتە جێی سەرسوڕمانت، ئارەزووی گۆڕانکاری دەکەیت لە دەوروبەرت، خۆت لە کێشەو ململانێ دوور بکەرەوە.

### نەهەنگ

لە بارێکی سۆزداری و کەشێکی رۆمانسی نزیکیت، هەوڵبدە کەمێک واقیعیانە لە ژیان رابمێنیت و دوربکەرەوە لە خەیاڵات، رۆژێکی خۆش دەبەیتە سەر.


دەرهێنانی هونەری : کۆمپیوتەر دارا